شێرزاد حەسەن:

# بەدرێژایی مێژووی ئێمە کەم و زۆر ئینسانەکان گەر نەشکوژرابن, بەڵام لە رووی رۆحییەوە کوژراون.

گفتوگۆی....... فەیسەڵ خەلیل

فۆتۆی........ هەردی هەورامی

***زۆر جار لەیەکچوونێك لەنێوان کاراکتەری چیرۆکەکانتدا هەیە، بۆ نموونە کاراکتەری چیرۆکی (گوڵی رەش) زۆر بە کەسایەتی چیرۆکی (پیرە پەپوولەکانی ئێوارە) دەچێت, ئەمە هۆکاری چییە؟**



–هەڵبژاردنی پاڵەوان هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەو کاراکتەرەی هەڵیدەبژێری, بەدەر نییە لەوەی کە بارت کردووە بە فکرەیە، چیرۆکێك نییە بەبێ بیرۆکەیەك, بەردەوام من کە دەنووسم, بیرۆکەیەك لە مێشکمدا هەیە، کە لە ئینگلیزی یان زاراوەی ئەدەبی پێی دەگوترێت (Theme), واتە رۆمانێك چیرۆکێك, شانۆگەرییەك نییە کە بیرۆکەیەکی تێدا نەبێت. بۆ من بەدەر لەوەی پاڵەوان کاراکتەرێکە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، کەسێکی چالاکیشە خاوەنی پیشەیەك و مێژووییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا باری دەکەم بە کۆمەڵێك خەون و خەیاڵی خۆم. بۆ نموونە لەم دوو چیرۆکە باس لە نائومێدی نەوەیەك دەکەم کە نەوەی من بوو، بەڵام لەناواخنی پرسیارەکەی تۆ شتێك هەیە بەمن دەڵێ دنیا نەگۆڕاوە؟ نەخێر من وا هەست دەکەم لەو پەنجا ساڵەی دواییدا دنیا نەگۆڕاوە، گەنجییەتی من لە هەولێر سی ساڵ لەمەوبەر، دەقاودەق هەمان گەنجییەتی ئەمڕۆکەیە، بەدەر لەوەی کە مۆبایل و سەتەلایت و کۆمپیوتەر دروست بووە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتی هەڵگری هەمان دەرد و کێشە و دڵەڕاوکێ و خەم و نائومێدی و نەبوونی عیشق و حەز و هەموو ئەو شتانەیە، بۆ نموونە ئەو دوو کاراکتەرەی تۆ باسیان دەکەیت، بەدوای خۆشەویستییەکدا دەگەڕێن کە نییە، لەبەر ئەوەی هەردووکیان سەر بە چینی ژێرەوەن، راستە کاراکتەرەکانی من بەشێکیان هەژارن و لە چینی ژێڕەوەن، رەنگە من کە لە چینی خوارەوە هاتووم ئەمە پەیوەندی هەبێت بە منەوە، چونکە هیچ نووسەرێك نییە ئەگەر راستگۆ بێت لەخۆیەوە دەست پێنەکات. بۆیە من لەسەرەتای نووسینم و تا ئێستاش هەمیشە گوتوومە رەنگە خۆم یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆی ئیشەکانی خۆم بم, بەڵام بەو مانایە نا کە هەر کاراکتەرێك من بم, دەزانم هەزاران گەنج خۆی لە چیرۆکی (گوڵی رەش)دا دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستاش ئەو نەوەیە بەهەمان عیشقی 20 ساڵ لەمەوبەر ئەو چیرۆکە دەخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەمان نائومێدی و بێبەشی و تێکشکان کە ئەو هەیەتی، لە چیرۆکەکەشدا هەیە. کاراکتەرەکە خەونی ئەوەیە کە دەبێ کەلاوەکان ببن بە کۆشك, ناشگات بە مەرامی خۆی چونکە لە چینی ژێرەوەیە، لە (پیرە پەپوولەکانی ئێواران) باوکی خۆڵڕێژە, زۆر شت هەیە حەکایەتێکی کۆمەڵایەتییە, بەڵام کە دەیکەی بە ئەدەب, سوپایەك لەکاراکتەری تر لە دەوری ئەو کاراکتەرە کۆ دەبێتەوە، کەواتە بۆچی کاراکتەرەکانی من (عاشقی نامراد)ن, لەبەر ئەوەی بەردەوام لە چوار دەوری من ئەو عاشقە نائومێدنە هەن. من لە شەستەکان گەنجییەتی و مێردمنداڵیەتیم لەهەولێر بەسەربردووە، ئێستاش ئەو گەنجانەی ساڵی 2007 کە قسەیان لەگەڵ دەکەم, چ لە سلێمانی و چ لە هەولێر و لە کوردستان بەگشتی، هەڵگری هەمان حەکایەتی نائومێدین, بۆیە من قسەم لەسەر نائومێدی و بێبەشییە, ئەمە مانای ئەوە نییە چینی سەرەوە بەختەوەرە, ئەمە درۆیەکی زۆر گەورەیە, ئەوانیش لە چینی ژێرەوە نەگبەتترن, من وای دەبینم لە کۆمەڵگای کوردی کەسێك نییە بەختەوەر بێت, نازانم بۆ وا بیردەکەمەوە, بەڵام هەست دەکەم هەتا ئەوانەی خواپێداوایشن بەختەوەر نین. هەردی لە شیعرێکدا دەڵێت: دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیە, هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە. دڵداری ئەگەر بەعانە بێت, ناکڕدرێت, ئەگەر خۆشەویستییەك بێت بەعانە بێت, دیارە لە بنچینەدا ئەم خۆشەویستی نییە، کەواتە لەناو ئەو دێڕە شیعرەی هەردی دیسانەوە باس لە نەبوونی خۆشەویستی دەکات, نەوەك لە بوونی خۆشەویستی, راستە ئێمە لە گۆرانی و بەیت و باڵۆرەکانماندا باس لەخۆشەویستی دەکەین, بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ داستانەکە کۆنەکانی

رۆژهەڵات و رۆژئاوا, بەتایبەتی وڵاتی ئێمە, سەیر دەکەین یان بەمەرگ کۆتایی هاتوە یان بە دابڕان, بۆیە من تا ئێستا چیرۆکێکم نییە, بتوانم لە کۆتاییەکەدا ئومێدێك بدەم, بڕوام بە ئومێد نییە، تەنیا ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی ریالیزمی سۆشیالیزمن بەتایبەتی لە یەکێتی شورەوەیی و ئەو وڵاتانەی لە ژێر ئەو چەترە دابوون, بەردەوام حەزیان دەکرد پاڵەوانی سوپەرمان دروست بکەن, من لە (کۆمەڵەی تەنیایی) ەوە تا ئێستا گەر تێبینی بکەین زۆربەی پاڵەوانەکانم, پاڵەوانی تێکشکاو و هیلاکن, یان بە واتایەتی تر تەنیان.

کە جاروبار دەگەڕێمەوە سەر هەمان دۆخی خۆشەویستی, رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت من زۆر لە پەیوەندی نێرومێ ورد دەبمەوە، چونکە ئاڵۆزترین پەیوەندییە لە دنیادا, لە دنیای ئێمەشدا ئەو پەیوەندییە لە هەمووی ئاڵۆزترە, دوێنێ کچێك کوژراوە لەبەر ئەوەی حەزی لە کوڕێکی عەرەبی سوننە مەزهەب کردووە، کەواتە دونیا هیچ نەگۆڕاوە، کە من چیرۆکی (دوعا) ئەو کچە ئێزدییە دەبییستم, هەست دەکەم دنیا نەگۆڕاوە، من باس لە نەبوونی خۆشەویستی دەکەم لەم وڵاتە، هەمیشەش دەڵێم من پیاوێکی بێ بەهرەم, لەبەر ئەوەی من دەبێ هەزاران چیرۆکی لەو بابەتە بنووسم تاخۆم تێر بم نەوەك خەڵك.

***جەخت زۆر لەسەر نەبوونی خۆشەویستی و نائومێدی دەکەیت، کەواتە بەهۆی ئەمەشەوە جوانترین چیرۆکەکانی تۆ پاڵەوانەکانی قەیرە کچ یان بێوەژنە؟**

–راستە, لەبەر ئەوەی چیرۆك و کورتە چیرۆك بە پێناسەی (فران ئۆکۆنۆر) کە چیرۆکنووسێك ئیرلەندییە و رەخنەگرە, کتێبێکی هەیە بەناوی (دەنگی تاك) "تەنیا"، باس لەوە دەکات هونەری چیرۆك و چیرۆکی کورت زۆربەی باسی شتی تەنیا دەکات, بۆ نموونە پاڵەوان تەنیایە, زەمان یان کات کورتە, شوێن یەك شوێنە, واتە هەموو شتێك یەك شتە و بە تەنیایە, یەك رووداوی بچووك هەیە, یەك گرێ هەیە کە بەدوایدا دەچێت, بیرۆکەیەکی بچوك هەیە راوەدووی دەنێیت، تان و پۆیەك هەیە چنراوە، بەڵام ورد لە رووی تەکنیکیەوە ناکرێ هەموو چیرۆکنووسەکان لەوەدا کۆبکەینەوە، چیرۆکنووس هەیە ئەم شێوازە کلاسیکییەش هەڵنابژێردرێت, بەڵام چیرۆکنووسیشە, لە هونەری رۆمانی تازەشدا شێوازی زۆر تازەی نووسین هەیە، کە هی کەس لە هی کەس ناچێت، هەموو رۆماننوسەکانی قوتابخانەی رۆمانی تازەی فەرەنسی لەیەك ناچن، بەڵام هەموویان لە ژێر چەتری رۆمانی تازەن, هەر لە (مارگرێت دۆرا) تاکو (کلۆدسیم) و تا دەگات بە (ئالن رۆب گرێ) ئەمانە هیچیان لەیەك ناچن, بەڵام هەمووشیان پێیان دەگوترێت رۆمانی تازە. بەڵام من لە چیرۆکدا حەز لە کلاسیك دەکەم، ئێستاش (چیخۆف) و (جیدی موپاسان) ی فەرەنسی بەمامۆستای خۆم دەزانم, لە هونەری چیرۆکدا, ئەوەی تۆ پرسیارت کرد بۆچی من قەیرە کچ و بێوەژن و عاشقی دۆڕاو و هونەرمەندێکی تەنیا و فەرامۆشکراو لە کۆمەڵگا, پێشمەرگەیەکی دۆڕاو و تەنیا کە کەس نایناسێ, دەکەم بە کاراکتەری چیرۆکەکانی خۆم, هەرچەندە من لە چیرۆکەکانمدا باسی پێشمەرگەم نەکردووە بەمانای کاراکتەر, بەڵام هەست بەوەی دەکەیت هەر کاراکتەرێك هەڵبژێرم, لەدۆخێکی تەنیادا دەژیم, بە باوەڕی من ئەوە درۆیەکی گەورەیە بڵێین کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی (Collective)ە, واتە کۆمەڵگایەکی هاوبەش و هاوکاری یەکترە, من هەست دەکەم لە کۆمەڵگای کوردی, لەبەر ئەوەی هەموومان لەیەکتری دەترسین و شەرم دەکەین, بەردەوام کەسەکان تەنیان, ئەوە دێڕی منە بۆ پاڵەوانە تەنیاکان. دواتریش لە کۆمەڵگای کوردی بێوەژن لە رووی کۆمەڵایەتی, قەدەری وایە خوا مێردەکەی دەباتەوە بۆخۆی, ئەو کچەی شوو دەکات قەدەر وای کردووە کەس لە دەرگای ماڵی نەدات, من نازانم بۆچی کچەکان لە دەرگای ماڵی کوڕەکان نادەن, ئەگەر تۆزقاڵێك ئەخلاقم هەبێت, دەبێ رێگا بە کچەکەشم بدەم کە دەرگای کوڕێك بدات, گەر خۆشی بوێت, بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە نەنگییە, لەبەر ئەوەی دیسانەوە کۆمەڵگایەکە نێرسالاری و پیاوسالارییە, دەبێ کوڕەکان داوای خۆشەویستی بکەن, هەندێ کەس بۆ ئەوەی ئەو شتە پاساو بداتەوە و بیانوی بۆ بدۆزێتەوە, دەڵێ ئەوە نییە لە دنیای باڵندە و ئاژەڵانیش نێر راوەدووی مێ دەنێت, بەڵام ئەوە قسەیەکی درۆیە, ئێمە نە باڵندەین, نە پڵنگین نە کۆترین, ئێمە ئینسانین, دەتوانین وەك چۆن لە وڵاتانی تر نێر و مێ بۆیان هەیە بڵێن دەممەوێ و نامەوێ, دەخۆم یا ناخۆم, نەخێر یا بەڵێ, ئێمەش ئەو مافەمان هەبێ. بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە, ژن یەکێکە لەو بوونەوەرە زۆر فەرامۆشکراوە و تەنیایانەی کە لە گۆشە تاریکەکان و ناو ئەشکەوتەکان و زیندانییەکاندا دەژین, بە باوەڕی من کوردستان زیندانێکی زۆر گەورەی ژنانە.

***پاڵەوانی چیرۆکی (تەمی سەر خەرەند) هەمان حاڵەتی کوژرانی کچە ئێزدیەکەیە, رووداوی کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا**

**شتێکی تازە و نامۆ نییە, بۆچی ئەم حاڵەتەیان دەنگدانەوەی بەو شێوەیە بوو؟**

–لەبەر ئەوەی هەمیشە ئێمە پەردەپۆشی کارەساتەکان دەکەین، تازە بە تازە راگەیاندن لەناو کورددا فێر بووە باس لە قەتڵوعامی ئافرەت بکات, ئەگەر نا بەدرێژایی مێژووی ئێمە، کەم و زۆر ئینسانەکان گەر نەکوژرابن, لە رووی رۆحییەوە کوژراون, تۆ مرۆڤەکان دەبینی بەسەر جادەکاندا دەڕۆن, بەڵام من زۆر جار مردووەکان دەبینم, من کە بەیانیان سەیری کچانی وڵاتەکەی خۆم دەکەم کە دەچن بۆ قوتابخانە, لە کۆمەڵێك مردوو دەچن کە دەڕۆن بۆ گۆڕستان, من قوتابخانە بە گۆڕستان دەبینم, بە زیندانی دەزانم, هەرچەندە کوڕەکانیش حاڵیان خۆشتر نییە و بەختەوەرتر نین، بەڵام من نازانم بۆچی کە کچەکان دەبینم, ئەوەندە بە شەرمن و ترسنۆك دەیانبینم, راستە بەلەش زیندوون و دەچن بۆ قوتابخانە، بەڵام پێموایە هەموویان دەچن بۆ زیندان و گۆڕستان, لێرەدا ئەوەی کە نابینرێ کوژرانی رۆحە, لەناو کورددا بەردەوام ئینسانەکان رۆحی یەکتر دەکوژن. (دوعا) لە رووی جەستەییەوە دەکوژرێ, وەك جەستە کۆتایی دێت, بەڵام ئێستا پرۆژەی کوشتنی رۆحی یەك ملیۆن ئافرەت لەناو کورددا ئیش دەکات, من باوەڕم وایە کۆمەڵگای کوردی ئێستاش لە رووی رۆحییەوە یەك پرۆژە و یەك کارگەی گەورەی هەیە بۆ کوشتنی رۆحی ئینسانەکان, مەنگەنەیەکی هەیە، ئاشێکی هەیە، ماشێنێکی هەیە بەردەوام رۆحی ئینسانەکان دەکوژێ. نامەوێ زیدەڕۆیی بکەم و بڵێم تەنیا مێ دەکوژرێ, بەڵکو رۆحی نێر و مێ لێرە بەیەکەوە دەکوژرێن, بەتایبەتی لە رووی سۆزدارییەوە, لە رووی پێداویستییەکانی ئینسان بۆ ژیان, ئەوەی کە لێرە رەوایە مەرگدۆستییە نەوەك ژیاندۆستی, ئەوەی کە لێرەدا رەوایە ناشیرنکردنی ژیانە نەك جوانکردنی، رەنگە من پیاوێکی رەشبین بم, بەڵام ئەو بۆچوونانەشم هەیە و ناتوانم وا نەبم, بۆیە کە لە حاڵەتی کوشتنی (دوعا) دا دەبێ بەهەرا، لەبەر ئەوەیە کە راگەیاندنی کوردی ئێستا فێر بووەباس لە بە کۆمەڵکوشتنی ژنان بکات, من پێشتریش وتوومە بە هەزارەها ژن, شەوانە لە وڵاتەکەی مندا بە زۆر ئەتك دەکرێن, واتە مێردەکان بە زۆر دەچنە گژیان, بۆیە کوشتنی ئافرەت شەو و رۆژ بەردەوامە, بەڵام چیرۆکی دوعا جارێکی تر دڕندەیی پیاو نیشان دەدات, دڕندەیی کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر بە ئافرەت نیشان دەدات، ئێمە ئەگەر سوونە مەزهەبین یان ئێزیدی بین, زۆر لەیەکتر جیاواز نین, ئەمە درۆیەکی گەورەیە، رۆژانە لە هەولێر و سلێمانی ژنەکان ئەتك دەکرێن. حەز دەکەم باس لە رۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) بکەم, لەوێ بە تەواوی باسی ئەوەم کردووە، کە بەتەنیا (هەمین) نییە کە دەکوژرێت, بەڵکو لەگەڵ ئەودا پۆلێك و رەوەیەك کارمامزی دیکە هەنە, کە مەبەستم ئەو ژنانەن راوچییەکان دەیانکوژن, راوچییەکانیش پیاوەکانن, (تەمی سەرخەرەند) جیاوازی لەگەڵ (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا ئەوەیە, لە یەکەمیاندا فەرهاد و شیرین دوو منداڵن, دوو هاوپۆلن لە ژێر تەمەنی 12 ساڵیدان, بەڕێوەبەر و مامۆستاکان و باوك و دایك و دەوروبەر لێناگەڕێن ئەوانە هۆگری یەك بن, لە پێدەشت من ئیشم لەسەر (ئادەم) و (حەوا) یەکی کوردی کردووە, کە لە بەهەشت دەردەکرێن, لای من لەوێ ئاغایەکە خودایە, گوندەکە بەهەشتە, شارەکە دەرویش بایز و هەمین دەکەونە ناوی, لای من قۆناغی دۆزەخی شارە، سەبارەت بەو دوو کەسەی زۆر لە ئادەم و حەوا دەچن و راوەدەنرێن. گەر سەیری دوا تابلۆی دەقەکە بکەی, دەبینی لەبەر ئەوەی ئەوانە حەزیان لە یەکتر کردووە، ژنەکە رەدووی پیاوەکە کەوتووە، هەردووکیان لەیەك ون دەبن، ئەگەر لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا زەوی ئاوەدان دەبێتەوە، من لەو دەقەدا باس لەوە دەکەم کە نەوەشیان نامێنێت, ئەو دوو کەسە هەردووکیان لەیەکتر جیا دەبنەوە، ئادەم و حەوایەکن کە بەیەك ناگەن. من هەست دەکەم دیسانەوە کۆمەڵگای کوردی ناهێڵێت ئادەم و حەواکان بەیەکتر بگەن, زەمینی ئێمە ئاوەدان نابێتەوە بەو چەشنە, قەڵەباڵغی هەیە، بەڵام ئاوەدانی شتێکە و قەڵەباڵغی شتێکی تر, شتێك هەیە هات و هاوار و قەرەباڵغییە, بەوە دەڵێن تەن, لە قەڵەباڵغیدا هەزاران کەس لە تەنێك دەچن, بەڵام ئاوەدانی شتێکە پەیوەندی بە ژیار و شارستانیەتەوە هەیە. بەڕای من ئێمە وەکو کورد دوورین لە ژیار و شارستانییەت, دەبێ ئێمە توانای ئەوەمان هەبێت رەخنە لە خۆمان بگرین, نایشارمەوە ئەمە پەیوەندی زۆری هەیە بە کەلتووری عەرەب و ئیسلام و کاریگەرییەکی بەسەر ئێمەوە هەیە, من هەست دەکەم (1400) ساڵە کەلتووری عەرەب– ئیسلام داغانی کەلتووری کورد دەکات, من ناڵێم کەلتووری کوردی بەپێی ئەوەی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و دەرەبەگی بووە، عەیب و عاری نییە و بەتەنیا ئایین و داگیرکاری عەرەب بۆ ئەو ناوچەیە ئێمە تووشی ئەو دەردە کوشندانە کردووە، بەڵام ئەوان کە لە بیابانەکانەوە دێن, بەباوەڕی من جگە لە خۆڵ و لم هیچی تر لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن، بۆیە پێم وایە یەکێك لە دەردەکانی ئێمە ئەوەیە، کەس نەوێراوە دراسە و لێکۆڵینەوەی قوڵ لەبارەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی کەلتووری عەرەب– ئیسلام ئەنجام بدات, بەڵام من بەخۆم

له زۆر ئیشه‌كانمدا باسم له كاریگه‌ری زۆر خراپی ئه‌و كه‌لتووره‌ی عه‌ره‌ب– ئیسلامه‌ كردووه‌.

*** تاكه‌ ئه‌ده‌ب كه‌ كاراكته‌ری شه‌یتانی تێدا غایبه‌، ئه‌ده‌بی كوردییه‌، تۆ ئه‌وه‌ چۆن لێك ده‌ده‌یته‌وه‌ و پێت وایه‌ هۆكاری غیابی كاراكته‌ری شه‌یتان چییه‌؟**

–له‌باره‌ی (ئاده‌م و حه‌وا) قسه‌یه‌ك هه‌یه‌ ده‌ڵێ ده‌بێ هه‌ر نووسه‌رێك ئه‌فسانه‌یه‌كی تایبه‌ت به‌خۆی هه‌بێ, ئه‌گه‌ر تۆ نووسه‌رێكی هاوچه‌رخیش بیت, پێویستیت به‌ ئه‌فسانه‌ هه‌یه‌، به‌ڵام به‌خۆشت ده‌بێ ئه‌فسانه‌یه‌ك بۆخۆت دروست بكه‌ی, من كه‌ سوود له‌ چیرۆكی ئاده‌م و حه‌وا وه‌رده‌گرم، له‌و ده‌قه‌دا ده‌مه‌وێ گه‌مه‌یه‌ك له‌سه‌ر ئاده‌م و حه‌وایه‌كی كوردی بكه‌م, من نازانم توانیومه‌ یان نا, ده‌بێ ره‌خنه‌گرێك له‌ ده‌ره‌وه‌ی من ئه‌و دوو كاراكته‌ره‌ ببینێ, وه‌ك چۆن (نه‌جیب مه‌حفوز) به‌ به‌رچه‌قۆ ده‌درێت, گوایه‌ باسی كاراكته‌ری خودا و چیرۆكی ئاده‌م و حه‌وای سه‌ر رۆمانی (اولاد حارتنا), به‌مه‌ش ئیسلامییه‌كان لێی په‌ست ده‌بن, له‌وه‌ده‌چێ (نه‌جیب مه‌حفوز) له‌م رۆمانه‌دا ویستبێتی ئه‌فسانه‌یه‌كی تایبه‌تی خۆی هه‌بێت، به‌ پشت به‌ستن به‌ ئه‌فسانه‌یه‌كه‌وه‌ له‌ پێشووتره‌وه‌ هه‌یه‌، تۆ له‌ ئه‌فسانه‌ كۆنه‌كه‌ قه‌رز ده‌كه‌یت، به‌ڵام ئه‌فسانه‌ی تازه‌ی خۆت داده‌مه‌زرێنی, هه‌موو نووسه‌رێكی جیهان گه‌ر دیدگا و جیهانبینی هه‌بێت و له‌ رووی مه‌عریفیه‌وه‌ چه‌كدار بێت, ده‌بێ هه‌میشه‌ به‌دوای جۆرێك ئه‌فسانه‌ی هاوچه‌رخی تایبه‌ت به‌خۆیدا بگه‌ڕێت, سه‌باره‌ت به‌كاراكته‌ری شه‌یتان, من پێموایه‌ ئه‌ده‌بی په‌خشانی كوردی، كه‌ ئه‌ده‌بی چیرۆك و رۆمانه‌، ساڵانێكی زۆر گیرۆده‌ بووه‌ به‌ده‌ست ئه‌وه‌ی زۆربه‌ی ئه‌وانه‌ی ده‌یاننوسی, هه‌مووی ده‌رچووی خانه‌كانی حزب بوون, یان ماركسیه‌كان و چه‌په‌كان بوون, كه‌ باسی پاڵه‌وانی كرێكاریان كردووه‌، كه‌ كرێكار ده‌بێ ئاینده‌خواز بێت، ده‌بێ شۆڕشگێڕ بێت, ده‌بێ راوی سه‌رمایه‌داران نێت و شاربه‌ده‌ریان بكات و ته‌لاری سه‌رمایه‌داری بڕوخێنێت, كرێكار هه‌رگیز نابه‌زێت، یان به‌ دیلی ناسیونالیستی و نه‌ته‌وه‌په‌رستی، ئێمه‌ هه‌میشه‌ له‌ جه‌نگدابووین له‌گه‌ڵ داگیركاراندا، ئه‌مه‌ وای له‌ ئێمه‌ كردووه‌ كه‌ پاڵه‌وانی پێشمه‌رگه‌ی نه‌به‌ز و نه‌به‌رد ئاماده‌یی هه‌بێت، ئێمه‌ له‌ كرێكاری كۆڵنه‌ده‌ر جوتیاری كۆڵنه‌ده‌رمان هه‌بووه‌، له‌ چیرۆكی كوردی، هه‌میشه‌ وشه‌ی كۆڵنه‌ده‌ر هه‌بووه‌، ده‌بێ كرێكار و جوتیاره‌كه‌ت كۆڵنه‌ده‌ر بێت، پێشمه‌رگه‌كه‌شت نه‌به‌ز و نه‌به‌رد بێت، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر ئێمه‌ ته‌ماشای ماوه‌ی په‌نجا ساڵی چیرۆكی كوردی بكه‌ین، بۆ نموونه‌ (حه‌سه‌ن قزلجی) بخوێنه‌وه‌, چیرۆكه‌كانی (ره‌حیمی قازی) یان (برایم ئه‌حمه‌د) له‌ (ژانی گه‌ل)دا خه‌مێكی سیاسی هه‌یه‌، هه‌میشه‌ ئه‌دیبی كورد خه‌مێكی سیاسی هه‌بووه‌، له‌دۆخێكی واشدا فه‌زاو ئاسۆی مه‌عریفی به‌ربڵاوت نابێت, ده‌بێ راستییه‌كیش بڵێین سه‌ره‌تای په‌خشانی كوردی به‌ چیرۆك و رۆمانه‌وه‌، زیاتر ئیشی له‌سه‌ر ئه‌زموون كردووه‌، له‌سه‌ر په‌یامێكی سیاسی كه‌ بیگه‌یه‌نینه‌ ده‌ره‌وه‌، ئه‌گه‌ر جوتیارێكمان هه‌بێت ده‌بێ له‌ به‌رامبه‌ر ئاغادا بجه‌نگێ, ئه‌گه‌ر كرێكاره‌ ده‌بێ جه‌نگاوه‌ر بێت له‌به‌رده‌می سه‌رمایه‌دار، ئه‌گه‌ر پێشمه‌رگه‌ بێت, ده‌بێ له‌ به‌رامبه‌ر داگیركاردا نه‌به‌زێت، تۆش ده‌زانی جوتیار و كرێكار و پێشمه‌رگه‌ هه‌موو جارێك نه‌به‌ز و كۆڵنه‌ده‌ر نین, ئێمه‌ شۆڕشێكمان هه‌بوو هه‌ندێ كه‌س به‌ساڵی (75) ده‌ڵێن ئاشبه‌تاڵ, هه‌ندێك پێی ده‌ڵێن هه‌ره‌س، ره‌نگه‌ پارتی ئه‌مه‌ی پێ ناخۆش بێت و ناوی لێنابێت نسكۆ, ئێمه‌ سه‌دان هه‌زار پێشمه‌رگه‌مان هه‌بووه‌ له‌كاتێكدا به‌یه‌كه‌وه‌ چه‌ك داده‌نێن, كه‌واته‌ شتێك نییه‌ ناوی نه‌به‌زین و كۆڵنه‌دانی هه‌میشه‌یی بێت, به‌درێژایی مێژووی مرۆڤایه‌تیش كاروا به‌ڕێوه‌ نه‌چووه‌، به‌ڵام چه‌په‌كانی كوردستان به‌تایبه‌تیش ئه‌وانه‌ی له‌ قۆنابخانه‌ی شوعییه‌كان ده‌رچوون، هه‌میشه‌ به‌ناوی ریالیزمی سۆشیالیزم باسیان له‌ سوپه‌رمان كردووه‌، بۆیه‌ له‌ناو ئه‌و كه‌ین و به‌ین و جوتیار و كرێكاری كۆڵنه‌ده‌ر و پێشمه‌رگه‌ی نه‌به‌زدا، جێگه‌ی شه‌یتان و فریشته‌ نابێته‌و، پانتایی كۆمه‌ڵایه‌تی له‌لای چیرۆك نووس و رۆماننووسه‌كان هه‌میشه‌ فه‌رامۆش كراوه‌، چونكه‌ چیرۆك و رۆمان په‌یوه‌ندی زۆریشی هه‌یه‌ به‌ كۆمه‌ڵگا و به‌تایبه‌ت به‌ خوێندنه‌وه‌ی تاك, له‌ كۆمه‌ڵگای كوردیدا تا ئێستاش تاك دروست نه‌بووه‌، ئێمه‌ خێڵین، هۆزین، حزبه‌ گه‌وره‌كانی كوردیش به‌یه‌كێتی و پارتییه‌وه‌ له‌ خێڵی گه‌وره‌ گه‌وره‌ ده‌چن، بۆیه‌ من پێم وانییه‌ تا ئێستاش له‌ناو كۆمه‌ڵگای كوردیدا كه‌سێك هه‌بێت بڵێت من تاكێكی سه‌ربه‌خۆم, هه‌یه‌ هاوار ده‌كات, به‌ڵام ده‌ره‌وه‌ لێناگه‌ڕێت هه‌بێت, ئه‌و مه‌یدان و زه‌مان و زه‌مینه‌یه‌ی بۆخۆش ناكات, چ له‌ رووی ماڵ و خێزان یا له‌ رووی قوتابخانه‌ و مزگه‌وته‌كان، چ له‌ رووی سه‌ربازگه‌كان، چ له‌ رووی خانه‌كانی حزب، هیچ یه‌كێك له‌وانه‌ لێناگه‌ڕێن كه‌سێك دروست بێت، كه‌ له‌ ئینگلیزدا پێی ده‌گوترێت (individual) واته‌ تاكگه‌رایی، كه‌ تۆ تاكت نه‌بینی كۆمه‌ڵ ده‌بینی، ئێمه‌ باسی كرێكارێك ده‌كه‌ین كه‌ نوێنه‌ری هه‌موو كرێكاره‌كانه‌، كه‌ كۆڵناده‌ن, كرێكارێك و جوتیارێك و پێشمه‌رگه‌یه‌كمان هه‌بووه‌، بینینی بیوه‌ژنێك قورس بووه‌ به‌درێژایی مێژووی ئه‌ده‌بی كوردی، بینینی قه‌یره‌ كچێك به‌درێژایی

میژووی ئەدەبی کوردی شتێکی بێمانا بووە، بینینی کوڕ و کچێك کە عاشقی دۆڕاو بن، دیسانەوە شتێك بووە وەك نوکتە وابووە، بەو مانایەی ئەوانە کەی خەمن، من لەسەرەتای ژیانمدا زۆر گاڵتەم پێکراوە، لەبەر ئەوەی زۆر باسی ئافرەتم کردووە، ناویان لێناوم وجودی یان عەبەسی یان خوردە بۆرژوا, لەبەر ئەوەی کاراکترەکانی من پێکهاتووە لە عاشقێکی دۆڕاو و لە بێوەژن لە قەیرە کچ و لە مامۆستایەك کە کۆمەڵگا تێی ناگات, بەتەنیا دەمرێ و بە تەنیا خۆی دەنێژێ, دەمەوێ بڵێم لێرەدا نەبوونی مەعریفەتێکی زاڵ، فکرەیەکی گەورە خوێندنەوەیەکی زۆری کۆمەڵگای خۆت، لەسەر هەموو ئاستەکان لە رووی دەروونزانی وئابوورییەوە، لەرووی مێژووییە و فەرهەنگی و ئەو سەرچاوە ئەخلاقیانەی کە ئێمە لە منداڵییەوە پێی پەروەردە دەبین, نەخوێنتدنەوەی ئەو شتانە و نەبینیان واتلێدەکات تۆ بیر لەوە نەکەیتەوە جێگایەك بۆ شەیتان بکەیتەوە، هەر ئێمەش وانین لە نێو زۆر میللەتانی تر ئێستاش, شتێك هەیە بەناوی ململانێی خێر لەگەڵ شەڕ, سپی لەگەڵ رەش، شەیتان لەگەڵ فریشتە، بەڵام بەو دیدەی تۆ دەتەوێ من تێبگەیەنی کە بۆ نییە ئەوانیش نیانە، ئێمە ئەو جۆرە کەسانەمان نەبووە، پاڵەوانی (شەیتان) یان (خراپەکار) یا (بەد) هەمیشە یان سەرمایەدار یا ئاغا بووە، یا عەرەب و فارس و تورکی داگیرکەر بووە، ئیتر ئێمە لەوانەدا شەیتانمان بینیوە، دوژمنەکەم شەیتانە، نەوەك بە مانای کۆمەڵایەتی، دراوسێیەکەم دەکرێ شەیتان بێت، هاوڕێیەکەم دەشێ شەیتان بێت، واتە ئەو رووە خراپەکاری و (بەد)یەی تۆباسی دەکەیت، لەناو ئەدەبی ئێمەدا لەبەر ئەو خەمە سیاسیە بەرتەسکە، لەناو دنیای ئێمەدا نەیهێشتووە ئەو کاراکتەرانە پەیدا بن لای ئێمە, کە خاوەنی خۆیانن، یا بڵێین هیچ خاوەنی خۆیان نین و خۆیان ناناسن، بەڵام تۆ وەك نووسەرێك دەبێ بگەڕێی بە دوای ئەوانەی کە کەس نایانبینێت, کەس نایانخوێنێتەوە و نایاندۆزێتەوە و هەست بە خەم و دەرد و گرفتەکانیان ناکات.

*** کەواتە ئەوکات چیرۆك نووسین یان رۆمان نووسین تەواو لەگەڵ ئەو پێناسەیەی (جۆرج لۆرکا)دا رێك دەکەوێت کەدەڵێت رۆمان ژیانی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە مێژوو لەیادیان دەکات، تۆ تا چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونە دایت؟**

–ئەم قسەیە لەسەر زمانی زۆر نووسەری تر کراوە، وەك (سەلمان روشدی) من تەواو لە یادم نییە، بەڵام گومان هەیە ئەم قسەیە هی (جۆرج لۆرکا) بێت، (میلان کۆندێرا) ی (رۆماننووسی چیکی) ش ئەم قسەیەی کردووە.

قسەیەك هەیە دەڵێ مێژوو سەرکەتووەکان دەینووسنەوە، لە زۆر قۆناغی جیاجیای میللەتاندا ئەم قسەیە راستە، کە مێژوونووس زۆر جار بەکرێگیراوێك بووە، زۆرجار سەرکەوتووەکان و میرزادەکان، ئاغاکان، پاپاکان، سەرۆکەکان کە مێژوو دەنووسنەوە، لەبەرژەوەندی خۆیان دەینووسنەوە، باس لە سەرکەوتنەکانیان دەکەن، بەباوەڕی من ئەگەر ئێستا لەناو دنیای سیاسەتی ئێمە مێژوونووس هەبێت، ئەو بەشە دەنووسێتەوە کە بۆنی سەرکەوتنی لێدێت، نەوەك بۆنی بەزین و شکستی و دۆڕان، بۆیە رۆماننووس راستگۆترە بە بەراورد لەگەڵ مێژوونووس، لەوەی ئەوبەشە دەنووسێتەوە کە مێژوونووسەکان درۆیانتێدا کردووە، یان بەواتایەکیتر مێژوونووسەکان نەوێران باسی بکەن، من حەزم دەکرد بپرسی بۆ باسی ئەو شتانە ناکرێت, لەبەر ئەوەی بەشێك لەو قسانەی تۆ کردت لەسەر پاڵەوان، ئەو بەدکارییە یان ناشیرینییەی لە ژیانی ئێمەدا هەیە، بۆ شەیتان نائامادەیە لە ئەدەبی ئێمەدا؟ لەبەر ئەوەی بەشێك لەکاری نووسین تاقیکردنەوەی ئازایەتی خۆتە لە دنیادا، من وای دەبینم نووسەری ئێمە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە زۆر جاران شەرم دەکات و دەترسێت, چونکە پایەی کۆمەڵایەتی دەدۆڕێنێ گەر باس لە حەرامەکان بکات، باس لەو پانتاییانە بکات کە خەڵکی تر حەز ناکات لە کۆمەڵگای کوردی ببینن, بۆیە بەڕای من دەبێ رۆماننووس ئازاتر بێت لە مێژنووس, هەرواشە، چونکە ئەو بەشە دەنووسێت و چاوی چۆلەکەیە کە هەر چوار دەوری خۆی دەبینێت, رۆماننووس ئەو کەسەیە کە سەروخوار و هەر چواردەوری خۆی دەبینێت، مێژوونووس ئاراستەیەکی هەیە و تەنیا ئەو ئاراستەیە دەبینێت ئەمیش سەرکەوتووەکان و ئاغاکان پێیان گوتووە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە مێژوونووسی راستگۆ نییە، لەدنیادا گەلێ مێژوونووسی راستگۆ هەبووە، بەڵام بەکرێگیراوی ئاغاکان نەبووە، مێژوونووسێك بووە لە کونی ژوورەوە دانیشتووە، لەناو رووداوەکان ژیاوە، بێ منەتانە و بێ باکانە و ئازایانە, حەکایەتی ئەو رۆژگارەی نووسیوەتەوە، کە ویستویەتی بیکات بە مێژوو، باس لە شوێنێك وکاتێك و کۆمەڵێك کاراکتەر دەکات بەراستگۆیی، بەڵام گەر ئامارێکمان هەبێت لە نێوان رۆماننووسە راستگۆکان و مێژوونووسە راستگۆکان، رەنگە لەنێوان رۆماننووسەکان بەدەگمەن پیاوی درۆزنی تێکەوتبێت، بەڵام لە نێوان مێژوونووسەکان سەدەها پیاوی درۆزنی تێکەوتووە.

***ئەزموونی چیرۆکنووسینت بە وردی لە چ ساڵێك دەستی پێکرد؟**

–من یەکەم چیرۆك کە خەڵك خوێندییەوە ناوی (ریشۆڵە) بوو، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە ساڵی (1975) بەرلەوەی سێ چوار چیرۆکم لە رووی خەمی کۆمەڵایەتییەوە نووسی، ئێستاش ئەو چیرۆکانەم خۆش دەوێن, بەڵام بەردەوام گوتومە لە رووی تەکنیکیەوە زۆر هەژار بووم, بێخوێن بووم, بۆیە دوو سێ چیرۆکم لەوانە فەرامۆش کرد لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)، نەمخستە ناواخنی ئەو کتێبە، بەڵام (تەنیایی) وەکو کتێب لە ساڵی (1983) چاپکرا.

***پێت وانییە دەقە ئەدەبییەکانمان لە رووی رەخنەییەوە نەخوێنراونەتەوە؟ ئێمە رەخنەگری ئەدەبیمان هەیە بەمانای تەواوی رەخنەگر؟**

–دەتوانین بڵێین رەخنە نەیتوانیوە بەهەمان هەنگاو و تین و تاوی داهێنانەکانی دنیای ئێمە پێشبکەوێت, رەخنەیەك هەبێت کە بەردەوام رۆشناییەکی گەورەرت, یان دۆزینەوەیەك لەناو ئەو دەقانەدا ئەنجام بدات, چونکە بێگومان دەقێك نەخوێندرێتەوە، کۆمەڵێك نهێنی نادۆزرێنەوە، ئەم دەقە بەدەر نییە لە خەمە کۆمەڵایەتییەکان خاڵی نییە لە درونشیکاری, کێشە و ململانێی دنیایی کۆمەڵایەتی– ئابووری، رەنگە بەمانا مارکسییەکەی ناخۆشە باس لە چین بکەین, بەڵام هیچ نەبێت هەژار و دەوڵەمەندت هەیە، ژیانی ئیروتیکی ئێمە یان سۆزداری ئێمە شتی زۆرگەورەی تێدا گوتراوە، هەر لە شاعیرەکان تا چیرۆکنووس و رۆماننووسەکان، قسەی جیددی کراوە لەسەر ئەمە، بەڵام رەخنە نەهاتووە هەڵکۆڵینێکی گەورە بکات، بچێتە بنج و بنەوانی ئەو دەقانە، ئەو شتانە بدۆزێتەوە کە رەنگە خودی نووسەرەکەش پەی پێنەبردرێت, چونکە بیرمان نەچێت نووسەر ناتوانێت بزانێت دەقاودەق چی نووسیوە، ئەگەر بێت و کردەی نووسین بەشێك بێت لە جۆرێك لە خەو بینین, بەشێك بێت لە شۆڕبوونەوە بۆ زاتی خۆت و زاتی کاراکتەرەکانت، بەشێك بێت لە قسەکردن لەسەر ئاستی ناخود ئاگایی، نا وشیاری ئەوەی بەعەرەبی پێی دەگوترێت (العقل الباطني– اللاشعور) ئەگەر دەقێك ئەوەندە زیندوو بێت تا ئەوێ شۆڕ بێتەوە، جاری وایە ئەو نووسەرەی ئەو شتانە دەکات پڕە لە رەمز و پڕە لە هێما و لە دەلالەت, بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت ئەوە هەموو هێما و رەمزانە بخوێنێتەوە, ئەو نهێنیانە بدۆزێتەوە، بۆیە بارتەقای دەقەکان کە بەشێکی داهێنانی تێدایە، رەخنەی کوردی پاشکەوتووترە لەوە, من وای دەبینم و ئەمەش تەنیا قسەی من نییە، بێگومان رەخنەگر هەیە لە کورد من ناتوانم ئێستا ناوی بهێنم, بەڵام چمارەیەك کەس دەبینین لە رۆژگارێکدا دێن کۆمەڵێك بەدواداچوون و رەخنەی جیدیان هەیە، بەڵام لە قۆناغێکی تردا واز دێنن, رەخنەگرتن داهێنانە، بەڵام لای ئێمە وەك ئەوە وایە رەخنەگر رۆڵی پاشکۆیەتی بگێڕێ، بەڵام هەموو رەخنەگرێك بۆخۆی داهێنەرێکی گەورەیە، زۆرجار خەڵك حەز دەکات پێی بڵێین شاعیر، رۆماننوس، چیرۆکنووس، بەڵام وەکئەوەی رەخنەگر پیاوێك بێت لە دەرگەوان بچێت، دەرگەوان نییەو لەناو ماڵەکە دانیشتووە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە بەو شێوەیە نییە, وەك چۆن تۆ رۆماننووسێکی باشت نابێت گەر خاوەن مەعریفەتێکی زۆر سەراپاگیر نەبێت, زۆر دەوڵەمەند نەبێت لە رووی فیکرییەوە، چیرۆکنووسێك وشاعیرکێی زۆر داهێنەرت دەست ناکەوێت، گەر لە رووی مەعریفیەوە دەوڵەەمەند نەبێت, رەخنەگریش دە ئەوەندە زیاتر, لەبەر ئەوەی رەخنەگر کەسێکە رۆڵی ئەو لەداهێنەرەکە زیاتر نەبێت کەمتر نییە، بەڵام لای ئێمە رەخنەگریش وا دەزانێت خۆی پاشکۆیە، بۆیە زۆرجار تموحی ئەوەی هەیە نووسەر بێت، رۆماننووس یا شاعیر بێت. ئێمە مێژووی پەخشانی تازەشمان، گەر بگەڕێنینەوە قۆناغی پێشەنگەکانیش، سەیری چیرۆکی کوردی بکە تەمەنی هەر 50 ساڵ دەبێت, رۆمان تەمەنی لەوە ساواتریشە, بۆیە لەماوەی 50 ساڵدا ناتوانێت بڵێیت کۆمەڵێك رەخنەگری بلیمەتت هەیە، ساڵانێکی زۆری دەوێت تاوەکو رەخنەگری لەو شێوەیەت بۆ پەیدا ببێت, رەنگە ئەو نەوەیەی ئێستا دەنووسێ دوای (100) ساڵی تر باشتر بخوێنرێتەوە.

***کۆلیژ و بەشی تایبەت هەن بەشێوەیەکی ئەکادیمی دیراسەی ئەدەبی کوردی تێدا دەکرێت، چەند ئاگات لە مەنهەج و شێوازی خوێندنی ئەوان هەیە و رات لەبارەیانەوە چییە؟**

–ناڵێم ژمارەیەکی هەرە زۆر، بەڵام کەم ئەکادیمی لە بواری ئەدەب لە زانکۆدا هەیە، کە کاروکردەوەی هەبێت و تۆش بینیت کە لە بازاڕدا بخوێنرێتەوە، زۆربەیان وەك چۆن پزیشك پیشەی هەیە, ئەندازیاری پشەیەکە, پۆلیسی هاتوچۆ خاوەن پیشەیەکە, زۆرجار لە وڵاتی ئێمە مامۆستای ئەدەبیش پیشەیەکە بەدەر لەوەی پیاوێکی خوێندەواری ناو دونیای ئەدەب بێت, هەتا لەنامەی دکتۆرا و ماجستەردا ,زۆر سەیرت پێ دێت کە ئەوانە لەسەر ئەو نامانە ماجستەر و دکتۆرا وەردەگرن، خوێندنەوەیەکی قوڵ نییە،

خوێندنەوەیەکی سادەیە، بۆیە من وا هەست دەکەم ئەو بەشەی ئەدەب، ژمارەیەکی زۆریشی تێدایە کە زیاتر وەك پیشە لە دنیای ئەدەبدا بۆتە مامۆستا، وەك چۆن یەکێك مامۆستای کیمیا و فیزیایە، من کاری ئەدەب و مامۆستای ئەدەبی لەوە بە قوڵتر دەبینم، گەر ئەدەبی کوردی یان ئینگلیزی یان ئەڵمانی بڵێتەوە، دەبێ داهێنەرێکی گەورەبێت، خوێندەوارێکی گەورە بێت، من مامۆستای زانکۆ دەناسم ئەدەبیات دەڵێتەوە ساڵی دوو کتێب ناخوێنێتەوە، هاوتەمەنی منە و دەیناسم، کە گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت، هەست دەکەیت چەند هەژارە، ئێستا زۆر مامۆستای ئەکادیمی هەیە، لە رووی ئەکادیمییەوە ماجستەر و دکتۆرای هەیە، لە بەشەکانی کۆلێی ئەدەبیات کوردی دەڵێتەوە، بەڵام هەمان سیپارە و دەفتەری ئەو مامۆستایەی پێیە کە بەر لە 30 ساڵ وانەی گوتۆتەوە، هەمان دەفتەر بەکار دێنێت، ناڵێم بەگشتی وان، بەڵام نموونەی وا زۆرن کە باسم کرد، بۆیە هەژارییەك هەیە لە کۆلێژەکانی ئێمە، بەتایبەتی لەبەشی ئەدەبیات. من وا هەست دەکەم لەبەر ئەوەی کاروکردەوەی ئەو برادەرانە ئەوەندە زۆر و زەبەند نابینم، هەتا هەڵبژاردنیان بۆ ئەو راپۆرتەی ساڵانە، شێوەیەکی زۆر شەکلی وەرگرتووە، لە رووکەشدا راپۆرت بە قوتابییەکانیاندا دەکەن، ناچن بە قوڵی و عاشقانەو شەیدایانە لەگەڵ قوتابییەکانیاندا کار بکەن، یەکێك لە ئیشەکانی زانکۆ ئەوەیە بەردەوام لێکۆڵینەوە بکەن، چ قوتابی و چ مامۆستا دەبێت بەیەکەوە لێکۆڵینەوە بکەن، تا ئێستا لەوڵاتی ئێمە مامۆستا ئەفەندییەکی ئاقڵە، لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا زانکۆ، زیاتر پلەو پایەی کۆمەڵایەتی بەلاوە گرنگە، زۆر دڵی خۆشە بەوەی دکتۆرەو ناوەکەی (د)ی پێوە بێت، وابزانم (زەکەریا ئیبراهیم)ە دەڵێ مەرجە بڕوانامە شانازی بە تۆوە بکات، نەوەك تۆ شانازی بە بڕوانامەوە بکەیت، بەڵام لەوڵاتی ئێمە زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆکان، بێ ئەوەی ئاگایان لە خۆیان بێت، هەمیشە لە دۆخێکدا دەژیێت شانازی بە بڕوانامە دەکەن، کەمتر بڕوانامە شانازە بەوانەوە دەکەن، ژمارەیەکی باشمان هەیە لەو بابەتە، رەنگە کەسانێك واهەست بکەن من دڵ رەقم، بەڵام من واهەست دەکەم، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش کتێبەکانی کتێبخانەکانی وڵاتی ئێمە هی 40 ساڵ لەمەو بەرە، لەزانکۆی سلێمانییەوە نزیکم، زۆر مامۆستا هەیە دژی گۆڕینی پڕۆگرام لە زانکۆ، چونکە راهێنان نەکراوە لەسەر ئەو پڕۆگرامە تازەیە، ئەوە لە پزیشکیدا هەیە، لە نۆشداری و ئەندازیاریدا هەیە، لە ئەدەبیاتیشدا هەیە، دەبینی حەز بە گۆڕان ناکات، بۆچی تا ئێستا مامۆستاکانی زانکۆ کۆنگرەیەکیان نەبەستووە پڕۆگرامی تازە لە دنیای دەرەوەی خۆیان بهێنن، ئێستا وەزارەتی پەروەردە بیر لەوە دەکاتەوە لەسەرتاییەوە بگۆڕێت، کە لەسەرەتاییەوە بیگۆڕێت دەبێ مامۆستاکان بگۆڕێت، زۆرجاران مامۆستاکان لەوە دەترسێن خانەنشین بکرێن، لەبەر ئەوەی دژی ئەوەن پڕۆگرامی خوێندن بگۆڕێ لەزانکۆدا، نەبادا ئەو نەتوانێت فریای ئەو پڕۆگرامە تازە بکەوێت، ئەمەش ئاسانە و دەکرێت لەگەڵ پڕۆگرامی نوێدا کەسی شارەزا لەدەرەوە بهێنن و راهێنان بۆ مامۆستایان ئەنجام بدات، بەڕاستی زانکۆ یەکێکە لەو دەزگا ئیفلیجیانەی وڵاتی ئێمە، کە مەعریفەت بەرهەم ناهێنێت بەڵکو مەعریفەت دەکوژێت، تا ئێستاش جنێو هەیە لە زانکۆ، تا ئێستا شکاندن هەیە، تا ئێستا شورەییە مامۆستا ئەوەندە خۆی سوك بکات بچێتە ناو قوتابییەکانی دۆستایەتی عەیبە لە نێوان قوتابی و مامۆستا، بە سەدەها مامۆستای زانکۆ دەناسم پێی شەرمە لەگەڵ قوتابییەکەی چایەك بخواتەوە، زانکۆی ئێمە یەکێکە لە کەلاوەکان، کە دەبوو مەعریفەی تێدا بایە، بەڵام مەعریفە بەرهەم ناهێنێت، زانکۆ یەکێك لە ئیشەکانی ئەوەیە کۆمەڵگای خۆی بخوێنێتەوە، ئێمە لەبواری کشتوکاڵی و ئەندازیاری و فیزیا و کیمیا و ئەدەبیات ساڵانە خەڵك دەردەچێت، بەڵام کە دەچنە بازاڕ نازانن چی بکەن، پیاوە پیرەکەی 40 ساڵ لەمەو بەر دامەزراوە، ئەو فێری دەکات ژمێریاری چۆنەو فیزیا چۆن بڵێتەوەو ئەو جادەیە چۆن دروست دەکرێت، بە کوردی زانکۆ یەکێکە لەو شوێنە پەککەتوانەی وڵاتی ئێمە کە پێویستی بە چاکسازی هەیە، ئەم بەشێکیشی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە کە ناکردەین، تەمبەڵ و تەوەزەلین، دوژمنی گۆڕانین، بەشێکیشی ئەوەیە ئێمە 30 تا 40 ساڵە لەوڵاتێك داین لە زیندان دەچێت، بەڵام بیرمان نەچێت ئێمە وەك دەڵێن 15 ساڵە هەوای ئازادی هەڵدەمژین، کە ئەم بۆ خۆی لای من نوکتەیەکی زۆر گەورەیە، هیچ هەوایەکی ئازادی نییە، بۆیە دەبوو سەرجەمی بەرنامەکانی خوێندنی قوتابی باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ بگۆڕابایە، کە نەگۆڕاوە حاڵی ئێمە پەرێشانترە.

***دەگوترێت شێرزاد حەسەن لە چیرۆکەکانیدا هێندە بە ناخی ئینسان و دەروونیدا شۆڕ دەبێتەوە، هێندێ جار دەیەوێ ئەدەب بکاتە پاشکۆی دەرونزانی، تا چەند ئەم رایە لەسەر چیرۆکەکانی خۆت بەراست دەزانی؟**

–پێم وانییە لەبەر ئەوەی من پێشتر ئینسان دەخوێنمەوەو مرۆڤەکانی دەوروبەری حخۆم دەبینم، ئینسان لەمنداڵییەوە چاودێری دەوروبەری خۆی دەکات، سەرەتا لە خێزانەکەی خۆیەوە دەست پێدەکات، من هەمیشە سەیری پەیوەندی نارێکی دایك و باوکی

خۆمم دەکرد، بیرم دەکردەوە بۆچی ناڕێکن، بەر لەوەی دەرونزانی و هیچ نهێنییەکی نێر و مێ بزانم، بەر لەوەی بزانم دایك و باوکم دەچنە پێغەف نهێنییەکی نێر و مێ بزانم، من بیرم لە جۆری ژیانیان دەکردەوە، ئەوەی من دەمدیت کاریگەری لەسەر من و خوشك و براکانم هەبوو، بۆیە من مرۆۋ دەخوێنمەوە بەر لەوەی کتێبان بخوێنمەوە، تا ئێستاش هەوڵدەدەم زیاتر لەچاوی خۆمەوە مرۆۋ بخوێنمەوە، بەڵام زۆر کەس هەیە دەروانزانیشی نەزانیەوە کەچی زانیویەتی رۆحی مرۆۋ بخوێنێتەوە، مەبەستم لە جیهاندایە، چونکە دەرونزانیش یەکێکە لەو لقە زانیاریانەی کە تەمەنی کورتەو لە 200 ساڵ تێپەڕ ناکات، بەڵام لە دنیادا رۆماننوس هەبووە هیچ کتێبێکی دەرونزانی بەدەستەوە نەگرتووە، بەڵام توانیویەتی خوێندنەوە بۆ رۆحییەتی مرۆۋ بکگات، یەکێك لە ئیشەکانی نووسەر ئەوەیە هێزێکی زۆر کوناودەری هەیە، هێزێکی دیوار بڕ و ئەو دیو بینی هەیە خارق، هەمیشە ئەو دیو دەبینێ، لەدوای پێستەوە شتی تر دەبینێ، لە دوای قسەکانەوە قسەی تر دەبینێ، لە دوای بێدەنگییەکانەوە هەست بە یەك دنیا بێدەنگی دەکات، لە دوای خامۆشی دنیایەك هەروا ئاژاوەو گێچەڵ دەبینێ، بۆیە لە پشت دیواریماڵەکانەوە بەردەوام هێزێکی سەیری هەیە کە دەتوانێ خەڵك بخوێنێتەوە، بۆیە من زیاتر تموحم ئەوە بوو بتوانم بەو توانا خۆسکەی لە ئینساندا هەیە، بنیادەمەکان بخوێنمەوە، بەڵام ئەوەی رێم لێنگرێت، کە من ئەمڕۆکە کوڕی ئەو سەردەمەم، دەیەها قوتابخانەی دەرونزانی زیالتر یارمەتیم دەدەن، ناتوانم بڵێم خوێنەرێکی زۆر وردی دەرونزانیم، بەڵام کەم و زۆر حەزم کردووە قوتابخانەکان بناسم، ناوە دەروشاوەکانی دەرونزانی بناسم، لە (فرۆید)ەوە تا (بافلۆف)، ناکرێت بڵێم ئەوانە یارمەتیان نەداوم, کە باشتر لە ئینسان و لە خۆشم تێبگەم، من بەردەوام بەر لەوەی بمەوێ خەڵك چەندەی ورد دەبمەوە، هێشتا خۆم لە خۆم ونم، رەنگە نووسین بەشێك بێت لەوەی بتەوێ خۆت بدۆزیتەوە، ئینجا بتوانیت دەوروبەرەکەت بدۆیتەوە، واتە گەمەیەکی خۆناسین لەگەڵ خۆت، ئینجا دنیا ناسینە، هەڵدانەوەی ئەو بەش یان هەڵکۆڵینی ئەو چینانەیە لە زەوی، کە دوای خۆڵ و خاشاکەکە چەندین چینی تر هەیە لە زەوی، گەر یەکێك بیەوێت زەوی بناسێت، دەبێ چینەکانی بخوێنێتەوە، یەکێك بیەوێت شاخەکانی بناسێت، دەبێ بەردێکی بباتە تاقیگایەك وردی بکاتەوەو بزانێ تەمەنی چەندە، ئینسان لە رێی چینەکانی بە فرەوە مێژووی گڕکانەکان دە خوێنێتەوە، بۆیە خوێندنەوەی شاخێك کە لە گڕکانێك دروست بووە، بۆ من وەك یەکە لەگەڵ خوێندنەوە ئینسانێك کە بزانم چینەکانی ژێرەوەی ئەو مرۆڤەی لەبەردەمدا دانیشتووە چییە، دەکرێت کتێبەکان یارمەتیت بدەن، دەکرێ ئەو هەستەوارانەی خۆت هەتە بتوانی بنیادەمەکانی پێ بخوێنێتەوە، بەڵام هەرگیز کاری من ئەوە نەبووە ئەدەب بکەمە پاشکۆی دەرونزانی، بەڵکو ئەو دوولایەنە بۆ خۆیان تێکەڵن، چونکە چ ئەدەب و چ دەرونزانی دواجار باس لە مرۆۋ دەکەن، باس لە شتە شاراوەکانی مرۆۋ دەکەن. باس لە نهێنی و هەڵکوڵین و دواندنی خەونەکانی ئینسان دەکەن، بیرت نەچێت ئێمە ناتوانین هەموو خەونەکانی خۆمانمان لە بیر بمێنێ، نووسەر ئەو کەسەیە ئەو خەونانە دەخوێنێتەوە کە لە بیرنەماون، لەیاد کراون، لە یادکردنی خەونیش بەشێکی دەستکردە، بەشێکی بەدەستی ئەنقەستە، بەشێکیشی بەرێککەوتە کە تۆ شتەکانت بیر دەچێتەوە، بەڵام زۆرجار ئێمە بە ئەنقەست نامانەوێ خەونەکان بە بیرخۆمان بهێنینەوە، چونکە خەونەکانمان پڕن لە شەرم و پڕن لەوشتانەی پێیان دەگوترێت حەرام، بۆیە ئیشکردنی نووسەر و دەرونزان چوونە ناو ئەو ئەشکەوتەیە، کە دەبێ بۆ چوونی هەزاران فانۆست پێببێت، تا ئەو تاریکییە راونێت و شتەکانی ناو ئەشکەوتەکە ببینی، چوونە ناو شەوە زەنگێکە، قسەیەك هەیە دەڵێت مرۆۋ خۆی شەوە زەنگێکە، تاریك و ناسینی ئاسان نییە، من پێم وایە ئەمە رێککەوت نییە، بە حەقیقەتە کە دەرونزانی و ئەدەب کاریان بە یەکترەو یەکتر تەواو دەکەن.

***قورسترین پرسیار کە لە نووسەر بکرێت ئەوەیە بۆچی دەنوسیت، تۆ بۆچی دەنووسیت و پەیامی نووسینەکانت چییە؟**

–رستەیەکی (هاملێت)ی پاڵەوانی شەکسپیر هەیە باس لەناڕێکی زەمان و دنیا دەکات هاملێت وا دەزانێت کە ناڕێکییەك هەیە لەو دونیایەو ئەو هاتووە چاکی بکات، من وا هەست دەکەم لە منداڵییەوە لە ماڵەکەی خۆمانەوە تا گەڕەك تا شار، تا گەورەتر دەبێت، دنیا ناڕێکی تێدایە، نایەکسانی تێدایە، دونیا پڕە لە جوانی ناشرینی، بەشی هەرە زۆری من ئێستاش پانتایی ناشرینییەکانی یەکجار گەورەیە، لە رێی پەیوەندییەکانی خۆمەوەو لە رووی ماڵەی خۆمان و گەڕەك و شار و وڵاتەکەمەوە هەستم پێکرد، ناشرینترین دۆخ ئێستایە کە کورد ناوی لێناوە ئازادی، راستە ئێستا داگیر کەر و دوژمنت نەماوە، بەڵام بەو مانایە نییە، هەیە ئاسان دەتوانێ گەشبین بێت، من بۆ خرم هەمیشە کە باخەکان ببینم خاڵین لە عاشقەکان، کە یانەکانی کوردستان دەبینم تەنیا نێرەوس تێیدا دەخۆنەوەو دادەنیشن، کە قوتابخانەکانی خۆمان دەبینم نێر و مێی تێدا جیاکراوەتەوە، کە هێشتا گەڕەکی قوڕ و

گەڕەکی سوالکەر و قەرەجەکان و گەڕکی دۆمەکان و هەژار نشینەکان و گەڕەکی ئەو مالانەی بە چینکۆ سەربانیان دروست کردووە، ئەو خەلکەی لە قبرستان دەژین، ئەگەر یەك کەسیش لە گۆڕستان بژییت، من پیم وایە ئەو شارە ناشرینە، رەنگە ئەم شیوازیکی قسەی ئینسانی بیت، بەلام ئەگەر من دەستەلاتیکم هەبی شەرم دەکەم خاوەن و ئەو ولاتە بم و بەخۆم بلیم سەرکردە، لەبەر ئەوەی پانتایی ناشرین لەولاتی ئیمەدا یەکجار زۆرە، ئەو هەموو نەخیر و نەبوونی و نایەکسانییەی من لە مندالییدا دەمدیت، ئیستاش لە مندالانی تازەیدا دەبینم، ئیستاش مامۆستاکان لە قوتابخانەکان لە مندالان دەدەن، ئیستاش میردەکان لە ژنەکانیان دەدەن، ئیستاش ولاتی ئیمە زیندانیکە تییدا نیرەکان بەجیاو مییەکان بەجیا دەژیین، تا ئیستاش کۆمەلە کەسیك ناویان خواپیداوە، ئیستاش سیاسەت لەولاتی ئیمە دوای خەبات و تیکۆشانی دەیان سال، ئیستا کەم سیاسی کورد هەیە، کەم سەرکردەو بنکردەی کورد هەیە، بازرگانیکی گەورەیان قاچاغچی یان قۆنتەراتچی نەبیت، ئەوەی کە خەلك پیی دەلین گەندەلی، پەیامی من تەنیا ئەوەیە، دەمەوی باس لە پانتایی ناشیرینی بکەم لە دونیای خۆم، جار وبار لیرەو لەوی دەررەقەت دیم باس لە جوانییەك بکەم، بەلام وەك کەسیك کە دەنووسم، ئەوەندە ناشرینی دەبینم، وا هەست دەکەم تا دەمرم ناتوانم باس لەو هەموو ناشرینە بکەم، ئەوەی من تا ئیستا باسم کرووە خالیکی رەشە، وەك دلۆپیکە لە دەریایەك، پانتایی ناشیرنیەکان ئەوەندە زۆرە، رەنگە ئەوەی من تا ئیستا دەیکەم گەمەکردن بیت لەناو خالیکی رەشدا، پەیامی من تەنیا ئەوەیە کە بلیم دنیا ناڕیکە، ناشیرینەو پڕە لە نایەکسانی، پڕە لە ستەم و بیداوی، دنیایەکە ئاستی ئەخلاق تییدا زۆر نزمە، بەهەموو ماناکانی ئەخلاق، چونکە لای من ئەخلاق هەرگیز پەیوەندی بەناوگەلەوە نییە، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەندازیاریك فیل لە جادەکان دەکات پزیشکیك ریز لە نەخۆشەکەی خۆی ناگریت، مامۆستایەك ریز لە قوتابییەکەی خۆی ناگریت، سەرکردەیەك هەیە بکوژ و بڕ خۆیەتی، 15سالە کەس نازانی بودجەی ئەم ولاتە چی بەسەر دیت، ئەمە لای من ئەو پەڕی بە دڕەوشتییە، بەلام رەنگە لە چیرۆکیکمدا ئەوە جیگای نەبوو بیتەوە، نەبوونی ئەخلاق کە من هەستی پی دەکەم، وا دەکات کۆمەلیك پالەوان بدۆزمەوە کە گیرۆدەن بەدەست ئەو هەموو ناشرینیە لە دنیای سیاسی و کۆمەلایەتی ئیمەدا، ئیتر بیوەژنیك یان قەیرە کچیك یا مامۆستایەکی دۆڕاوم دەست دەکەویت، یان پیشمەرگەیەکم دەست دەکەویت دوای 30 تا 40 سال پیشمەرگایەتی، لە جادەکانی هەولیر و سلیمانی عارەبانە رادەکیشیت و شڕەتەکسییەك لیدەخوڕیت، جنیو بە رابردووی خۆی دەدات و پەشیمانە، من سەدەها شوفیر تەکسیم بینیوە پەشیمانە لەوەی پیشمەرگە بووە، هەر یەکیك لە ئیمە سواری تاکسییەك بیت دەزانی ئەم ولاتە چەند ناشرینە، سەر ژمیریك بکەن بزانن چەند قوتابی خۆشبەختە لە قوتابخانەکان بەیانی کە دەچیت وا دەزانیت بۆ زیندان دەچیت، کە نیوەڕۆ دیتەوە دەلی بەڕەلا بووم، لە هەموو دنیادا قوتابخانەکان لە بەهەشت دەچن، مالەکان بە بەراورد بە قوتابخانەکان دۆزەخن، کەچی لای ئیمە زۆر جاران هەم مال هەم قوتابخانەکان دۆزەخن.هیچ پەیامیکم نییە, چونکە پەیام لە ریگەی ئەدەبەوە ناگاتە کەس, درۆیەکی زۆر گەورەیە نوسەری کورد بلیت پەیامم هەیە, پەیام شتیکە بیەوی دونیا قسەیەکی زۆر بەتالە خەلك وا بزانیت, بەلام کاری نووسەر لەسەر روحی خەلك بە مەودایەکی زەمەنی دوور ودریژ کاری خۆی دەکات, بەلام ئەوەندە ئاسان نییە, دەتوانیت پەرلەمانتار کۆمەلیك بڕیار دەربکات, دەتوانی ئەو جادەیە پاك بکەیتەوە, دەتوانی باخچەیەك دروست بکەی, بەلام کاری نوسەر ئەوەندە ئاسان نییە, ئەگەر ئیشی من ئەوەندە بی کە ژیان جوانتر بی دلنیام ئەو کارە ئەوەندە ئاسان نییە, من هەموو کاتیك کە ئەو پرسیارانەم لیدەکریت وتەکەی چیفۆنم دیتەوە یاد کە دەلیت" من دەمەوی پیت بلیم لە ژیر پیتدا دۆزەخ هەیە" منیش یەك پەیامی شەرەفم هەیە کە دەمەوی پیت بلیم لیرە دۆزەخ هەیە ببیینە زۆر دوور نییە, لەناو مالەکەی خۆتە لەناو روحت دایە, بەلام توانیم زیندانی تر لە ناخمان دروست بکەین, ئەوەی کارەساتە ئیمە نەمانتوانی و بواری زیندانی ناو ناخی مرۆڤەکانمان بروخینین زیندانەکانیش هەموو ئەو یاسا و ریسایەیە کە ناهیلیت ئیمە ئازاد بین, ئیمە بە هەزارەها هیکتار دوور بین لە ئازادی و رۆژانەیش باسی ئازادی دەکەین, من خۆزگە دەمزانی ئەوانەی باسی ئازادی دەکەن چییە؟ ئازادی بە بڕوای من ئەوەیە خەلکیکی رەخنەگر و نەترس هەبی, هەفتەی رابردوو نووسیومە, پەر لەمانتاری کورد نوینەری ژنەکانیشیان نین, چونکە گفتوگۆ لەگەل هەندیکیان کراوە دەلین ,ئیمە نازانین بودجە چەندە, تۆ ئەگەر پەرلەمانتار بیت لە دوای ئەو قسەیە دەچیتەوە مالەوە و ئیستقالە دەدەیت, دەلی میللەت دەیەوی بزانیت پارەکە چی لیهات تۆ ئیشت ئەوەیە, تۆ کە پەرلەمانتاریت هی،دە شەرمن و ترسنۆك بیت, من پەرلەمانتار بم ئەوها بم دەچم دادەنیشم ساحیبی قسەی خۆمم ئەگەر وانەبی با شار بەدەرم کەن, لە دونیا نییە پەرلەمانتار بلیت"

خۆزگە ئەو بودجەیە دەکەوتە دەست ئێمە بۆ ئەوەی بزانین لەکەوێیبەوە دێت و بۆ کوێ دەڕوات". ئەگەر منداڵە سێ ساڵیەکەی من بێتدەڵێ باوکم نازانم چەند پارە پەیدا دەکات و چۆن سەرف دەکات ئەگەر من پیاوێکی بێ شەرەف بمبە ماڵەوە نەلێم ڕۆژانە چەندم دەست دەکەوێت, تۆ پەرلەمانتاری نوێنەری گەلت هەیە وا شەرمن و ترسنۆك هەبێ ئیشەکەی تۆ ئەوەیە مرۆڤێك دروست بکەیت ئازاد بێت بە جورئەت بێت,سەد ساڵی تر پەرلەمنتارێکی تر دروست نەبێت بەو ترسنۆکیە دانەنیشی بڵێ من نازانم دونیا چۆن دەڕوا بەڕێوە  کە ئەوە نوێنەری گەلیشە, ئەمە جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ قوتابیەکی پۆلی شەشی ناوەندی کە ناوێرێ پرسیار لە مامۆستاکەی بکات کە مامۆستا ئەو پرسیارە تێناگەین یان سەرچاوەی ئەو زانیاریە لە کوێوە هاتووە یان قسەیەك لەسەر مەعریفەت و دونیا یان ئەو قوتابیە دڵەراوکێ یان ماخۆلانی پێکەوتووە ناوێرێ پرسیارێك بکات, دەزانێ بۆ پەرلەمانتارەکە بۆ وایە, چونکە لە ماڵەکەی خۆی فێری ئازادی نەکراوە حیزب فێری نەکرد, قوتابخانە و مزگەوت و کلێسا فێریان نەکرد و هیچ خانەیەکی کۆمەڵایەتی فێری نەکرد, ئەوەندە ئازاد بێت, تۆ ئێستا تێدەگەیت پانتایی ناشرینی چەند گەورەیە لە وڵاتی ئێمەدا.

*ناکرێت ئەوە خەتای ئینسانەکان خۆیان  بن, بۆ ئۆبالی شتەکان بخەینە ئەستۆی سیاسەت خۆت لە چیرۆکی (میم) باسی ئەوە دەکەیت " ئینسانەکان هێندە حەزی تەمەلوکی شتیان هەیە بۆ ناوەوەی خۆیان کار ناکەن"؟

–ئەگەر ئێمە بەدکاریشمان هەبێ پیاوی ناشرین و ژنی ناشیرینشمان هەبێت, دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی ئێمە پڕ بێت لەبەدکاری و ناشرینی و خراپەکاری, دوا جار یەك هەقیقەتی گەورە هەیە ئەویش ئەوەیە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان مرۆڤ دروست دەکەن, لە وڵاتانی تر هیچ دۆلاۆێك نیە نەزانرێت لەکوێ دێت و بۆ کوێ دەڕوات, ئێمە دەزگا کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان  لە خێزانەوە تا قوتاب خانە و زانکۆ و مزگەوت کەس فێری مۆرالێکت ناکات, تا ئێستا فەلسەفەیەکی ئەخلاق لەناو کوردا نییە تا لەسەری بڕۆین, کەرکوك ئێستا چوار پەروەردەی هەیە, تورکمانەکان هۆی خۆیان هەیە و بەعسیەکان هی خۆیان هەیە و پارتی و یەکێتی هەر یەکەیان هی خۆیان هەیە دەشڵێن دەبێ کەرکوك بگەڕێتەوە سەر کوردستان, ئەمە نموونەیەکی زۆر سادەیە بۆتی دەهێنمەوە, جا ئەگەر لە کەرکوك منداڵێکی شێواو دروست بوو, پارتی و یەکێتی و کورد بەرپرست نییە, بەڵکو سەردار و درێژەرانی سیاسەتی ئەو وڵاتە ئەوانەی ئێمە لەسەر مۆرالێکی وا رادەهێنن ئەوان بە دەرەجە یەك گوناهبارن, من قەناعەتم وایە ئەو ئاغایانەی ئێمە زۆر زۆر لەوە بەستە زمانتر و نەخوێندەوار ترن لەوەی تێبگەن ئەو دەزگایانە مەترسی چەندە, تا ئێستا حیزبی کوردی بە رادیکال و سوسیالت و چەپرەو و نەتەوەپەرستن ئەوەی دەیکەن دەقا و دەق دوژمن بە نەتەوە و خەڵك و خاکەکەی کورد کە بە قسە دەیکەن, بەڵام کارکردنیان پێچەوانەیە, ئیتر تۆ لە کوێوە خەڵك بنیاد دەنێیت, خەڵك لە خۆیەوە هەڵنەقیوە, لە زۆنگاوەکان مێشولە هەیە, لە دەوری کانی نییە, دۆخی ئێمە دۆخی زۆنگاوە, دۆخی گۆمێکی پیسە وەستاوە بۆیە مێشولەمان زۆر هەیە, بۆیە من وەهای دەبینم ئەو دۆخەی من و تۆی تێکەوت هۆکارەکەی ئەوەیە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە باش پەروەردەنەکرد, ئێمە تا ئێستا لەسەر ئینسانی باش و جوان ئیشمان نەکردووە, خێزانی کوردی  بە هەژار و دەوڵەمەندی ئەو هێزە مەعریفی و ئەخلاقیەی نییە, منداڵەکانی لەسەر شێوەیەکی زۆر شارستانی پەروەردە بکات, لە وڵاتانی تر سەرۆك وەزیران و کابرایەکی عەرەبان چی یان ئەوەی لەسەر شۆستە کۆشکێکی بیبسی فرۆشی داناوە هیچ جیاوازییەکیان لە ماف و ئەرکەکان نییە وەك چۆن لە هەژارەکە دەپرسێتەوە سەرۆکی وڵاتیش دەخرێتە دادگا تۆ دەتوانی قسە لەگەڵ پاسەوانی بەرپرسێك بکەیت؟ ئەوە نەبوونی مۆرالێکە کە لەسەری راهاتووین دۆخێکە تێیکەوتووین, بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە من لە خەڵك جودام, من بەشێکم لەو کورد بوونە بەشێکم لەو عەیب و عارە, زۆر جار کە بە تورەیی قسە دەکەیت وا دەزانن دوژمن کاری, ئەو نازانێ تۆ شەڕتە لەسەر ئەوەی پانتایی جوان زۆرتر بێ لە پانتایی ناشرینی, بەڵام ئەگەر ئەم بە دوژمن کارت دەزانێ خودایەك گوللەیەك دەنێ بە تەبڵی سەرتەوە ئەوە کێشەی ئەوە کێشەی من نییە, بەڵام ناتوانین مرۆڤ خەتابار بکەیت بڵێیت ئێمە خۆمان خراپین, ئەوە دیسان ئەو روانینە قەدەریەیە کە ئیسلامییەکارەکان باسی دەکەن دەڵێن باران نابارێت ئەوە قەدەری خوایە, چونکە خۆمان فاسدین, ئێ باشە بۆ لە ئەڵمانیا و بەریتانیا (24) سەعات بارانی لەسەرە, فینلەندا ساڵ دوانزە مانگ بەفر و بارانە, کەواتە خوا ئەوانی خۆش دەوێ و هەولێرییەکانی خۆش ناوێت وشکە ساڵە دەڵێت قەدەرە, ئەوە هەمان ئەو بۆچوونەی تۆیە کە دەڵێی ئێمە خۆمان خراپین, نەخێر ئەو دەزگا کۆمەلایەتیانەی سەرچاوەی مۆڕالی ئێمە بوون ئەگەر خێزانە ئەگەر حیزبە ئەگەر مەکتەب و مزگەوتە ئەگەر کلێسایە  ئەگەر خانە کۆمەلایەتیەکانە ئێمەیان وا پەروەردە کرد,تۆ پێشتر لە منت پرسی بۆ دەنوسی من بەر

لەوەی بزانم نوسین چییە شەریماڵەکەی خۆمانم دەنوسیەوە, جنێوەکانم دەنوسیەوە, من دەفتەرێکم هەیە هی منداڵیمە ئەو کات پۆلی شەشی سەرەتایی بووم بازکم قوماری کردووە دۆراندیتی لێیداوم من نوسیتمەوە سەر گوزشتەیە من نەمدەزانی چیرۆك چییە, بەس بە دزیەوە دەمنوسی, چونکە نوسن جگە لە وەزیفەی مەکتەب حەرامە, هەر دەبوایە ئەو شتانە بنوسینەوە کە لە ئەلفو بێ تا زانکۆ وەك توتی فێر دەکراین بۆیە کە ئەو شتانەم دەنوسیەوە وامدەزانی شتێکی زۆر بێ ئەخلاقی دەکەم, ئەو بۆچونە ئێستایش بەردەوامە کە نوسەر هێرش دەکاتە سەر کۆمەڵگا(کۆمەڵگا گەلێك ئاسودە و ئارامە)نوسەرە زمان درێژەکان وازی لێناهێنن؟

*ئەوەی من هەستم کردبێ تۆ تەنها سەردی نا ئومێدی دەکەیت, ئەی خەیاڵت ناتوانێ شتێکی جوانتر دروست بکات؟

–لە بەر ئەوەی لە منداڵیم تا ئێستا ئومێدی گەورە نەدیوە,نامەوێ درۆ لە گەڵ خۆم بکەم من کە رەشبینم لە خۆمەوە چاویلکەیەکی رەشم لە چاو نەکردووە تا دونیا بە رەشی ببینم, بەڵکو خودی ئەو پانتاییانەی کە من دەمەوێ جوان بن ئەو ماڵ و ئەو خانوانەی ئەو خەستەخانانەی من دەچمێ هەمیشە نا ئومێدم دەکەن, لە سلێمانی تا هەولێر هەزار تاسەی تێدایە لە جادەیە ك دەرۆیت ئارام نارۆیت, من لە سلێمانی دەژیم لە کۆتایی حەفتاکان لە سلێمانی دەژیام ئەو کات شارێکی زۆر رەنگین و جوان بوو, لە سەردەمی بەعس زۆر خاوێن بوو ئێستا سلێمانی زبڵخانەیەکی زۆر گەورەیە, هەر گۆشەیەکی شارەکە سەیر بکەیت زبڵخانەیەکی گەورەی لێیە, کەس نییە زبڵ کۆکاتەوە, یەکێك لە ئیشەکانی نوسەر وەك زبڵرێژێکە دەیەوێ بلێت زبڵ لێرە هەیە, بە قەناعەتی من هیچ جیاویەك ە نێوان کەناس و نوسەر نییە لێرەدا نسر خۆڵ یان زبڵمان نیشان دەدات, ئەو نوسەرانەی زیاتر باسی رەشبینی دەکەن زۆر شەیدای ئەوەن دونیا جوانتر بێت,هەتا ئەو نوسرە پوچگەرا کان یان ئەوانەی پێیان دەگوترێت عەبەسی شانونوسەکان کا باسی دونیایەکی زۆر رەش دەکەن وەك (بیکیت)کە هەر چاوەروانی ئومێد دەکات و ئومێد نایەت, رەنگە من یەکێکم لەوانەی زۆر بیکیتم خۆشدەوێ چونکە زۆر باس لە نائومێدی ئینسان دەکات, لە بەر ئەوەی نایەوێ ئینسان نائومێد بێت بەڵام نائومێدیەك هەیە لە دونیای ئێمە, جا کە باسی نائومێدی دەکەیت هاوار دەکەیت با ئومێدێك هەبێت عەیبە لە دونیای ئێمەدا ئەوەندە نائوێدی هەبێت, رەنگە من کابرایەکی دۆزەخی و شەیتانی بم زۆر بەد بین بم, لەوانە من نەخۆش بم هەموو دونیا ساغ بێت, بەڵام نامەوێ بڵێ من پیاوێکی گەشبینم ناتوانم وا درۆ لە گەڵ خۆم بکەم, لەوانەیە گوناهی من بێت وەك جەنابت دەڵێیت ئەوەندە نائومێدی لە نوسینەکانی من زۆرە, رەنگە ئەو نائومێدیە گۆرانییەك بێت بۆ دڵی خۆم من چوزانم, تۆ بڵێی من بەس باسی خۆم کردبێت, نەخێر من باسی گەڕەك و شارەکانی خۆم کردووە باسی مەریخم نەکردووە, ئەگەر پیاو درۆزن نەبێت ئەو پانتاییە رەشە دەبینێت کە لە ژیانی ئێمە هەیە, ئێمە لە ساتە وەختێکداین کە خەڵك زۆر گەشبینە چونکە ئەپارتمانەکان زۆر بەرزبۆتەوە, بەڵام مرۆڤەکان چکوڵە وترسنوك بونەتەوە, چەندە ئەپارتمانەکان بەرزببنەوە من هێندە قوتابیەکان و کچ وکورەکان بە بچوکی دەبینم, هەموو کەسەکان بە گرگنی و خەسیوی دەبینم بۆیە بۆ من نرخی نییە ئەپارتمانەکان بە ئاسمان دابچن لە سەر بچوك بونەوەی ئینسان بێت, با شەقامەکان پاك بکرێتەوە, کەچی رۆژانە روحی منداڵەکان زبڵ دەخەینە روحی منداڵەکان, حەز دەکەم ئەو قەسەیەم بێ شەرمانە بنوسی, من یادگارییەکم هەیە لە گەڵ مەحەتەی هەولێر هەیە(وێستگەی شەمەند نەفەر)لە دوای راپەرین گوتوم شەرمە شوێنێك کە خەونی سەفەر بوو وای لێبێت, من لە بیرمە کە منداڵ یان گەنج بووین بیرامان دەکردەوە کە ئەگەر لە هەولێرەوە بە روە دونیایەکی تر بڕۆین لە وێوە دەروین, ئێستا ئەو شوێنە پەرە لە شێت و زێندانی ئەوها کە دوو ساڵە لێی نە پرسراوەتەوە, من کاتێك دێمەوە هەولێر بەر لەوەی ئەپارتمانەکان ببینم هەمیشە ئەوەم دێتەوە یاد کە زیندانی مەحەتە هەیە, بەندیخانەی مەحەتە یەکێکە لە دیوە ناشیرنەکانی ژیانی ئێمە کە دەکرێت هەموو هەولێر مەحەتەیەك بێت, لە ئەلمانیاش بەندیخانە هەیە ئینسان لە سەر تلیاك دەگیرێت بەڵام وەك ئێرە نییە دۆخێکی ئادەمی بۆ دروست دەکرێت, زیندان بۆ دوەیەئینسانە چاك تر بکرێت نەوەك ئەوەندە نا ئومێدتر بکرێت, ئەو پیاوانەی لە زیندانەکانی ئێمە گیراون کورو کچەکانیان لە سەر جادەکان عەلاگە دەفرۆشێت کەسیش نییە لێیان بپرسێتەوە, برادەر ئێمە تاوانیمان هەزار جاش و دەنفالچی بکەینە شەهید لە نێو ئەو دوو حیزبە, من ون دونیا بە ناشیرین نەبینم حسێن مەردان قسەیەکی هەیە دەڵێت"منداڵێکی چاو بە فرمێسك ودڵشکاو ببینم ناتوانم رێزی دونیا بگرم"بۆیە من بەتەنها وا بیر دەکەمەوە زۆر کەس هەیە وایە ,هەندێك زمانیان نییە هەندێك ناتوانن بنوسن, کەسانێك هەن وەك من و تۆ گفتوگۆ ناکەن, ئەگینا بچیتە ناو کۆمەڵگا کۆمەلێك بەدبینی هەیە, هەموو جارێك کە لە دەرەوە دەگەرێمەوە سواری تاکسی دەبم کابرا دەڵێ مامۆستا بۆ هێندە نەگەبەتی دەگەرێیتەوە ئەو ولاتە, باس لە پیاوی خوێندەوار ناکەم خەڵکی سادە دونیای ئێمە بە زیندان

**تێدەگات,ئەو ئینسانە سادانە هەمیشە تەسەوریان وایە کە ئەگەر هەل برەخسێت دەبێ سەفەر بکەن دیاە ەوان کەتر درۆ لە گەڵ خۆیان ناکەن, من بە بێ شەرم لە یەك دوو شوێن گوتومە لە پاش راپەرین کۆچ بەردەوامە, جارێك گوتم ئەو ولآتەی ئێمە لە گەراج دەچێت, شەمەند نەفەرێك وەستاوە هەیە سوار بووە, هەیە فریانەکەوتووە شەمەند نەفەرەکەیش هەر دەروا, هەیە را دەکا بە دوای شەمەندنەفەرەکە, زۆریش لە ئۆردوگا دەچێت چونکە 60٪فەرمانبەرامان هەیە, ئەو دوو حیزبە بە هەزارەهاکەسیان بۆ دەنگدان تەعین کردووە موچەی دەنگدان وەردەگرنکە لە دونیادا نییە کەسێك بێکار موچە وەرگرێت, بەس بیمەی بێکاری هەیە بێ ەوەی داوای دەنگدانی لێبکەن موچەی دەدەنێ, بۆیە من قەناعەتم وایە لە خۆمەوە بەد بین نیم دەکرێت تا دەرنگی شەو باسی بەدبینیت بۆ بکەم.**

***باسی کەناس ونوسەرت کرد,جوبران خەلیل دەگێرتەوە دەلێت"من دڵم بەکەناسێك سوتا, کە پێم گوت من نوسەرم ئەو دڵێ بە من سوتا"دەمەوێ بلێم زۆربەی نوسەرانی دونیا قەناعەتی تۆیان هەیە بەلآم هەندێ نوسەران هەیە زۆر گەشبینن, دەکرێت بڵین ئەوان درۆزنەکانن کە لەسەرەتایش ئاماژەت بۆ کرد؟**

**–نا من تەسەورم وایە هەر کەسە ئازادە چی دەنوسێت,ناتوانم داداگایی هیچ نوسەرێك بکەم ەگەر گەش بین بێت ئەگەر جوان بین بێت, ئەگەر وابزانێت پانتایی جوانی زیاترە لە پانتایی ناشیرینی,قەت بۆم نییە بە کەس بلێم درۆزن, بەلآم ناتوانم هێندە گەش بین بم, من وایش هەست ناکەم هێندە رەشبین بم خۆ لە زۆربەی چیرۆکەکانم دیوێکی شارەوەی جوانی تێدایە, بەلآم لە ئەدەبی دونیایش زیاتر باوەش بە تراژیدیا وکارەسات ئامێزی دەکات, من لە ژیانی خۆ بە شێکی زۆر چیرۆك و رۆمان وشانۆنامەم خوێندۆتەوە کە بەشی زۆریان باس لە فرمیسك وخوێن دەکەن, رەنگە ئێمە هێندە ناخۆشمان دی بێ حەز بکەین ئەو کەسانە قسەمان بۆ بکەن کە ئۆمێد دەبەخشن بلێن ژیان خۆشە وبەیانیت باش, رەنگە ئەو قسانە بە کەڵکی سیاسەت بێت, بەلآم بە کەڵکی ئەدەب نایێت لە بەر ئەوەی کاری ئەدیب جۆرێکی ترە ئەو دوکانی ئومێدی دانەناوە, ئەو فالچی نییە بلێت بەیانی جوان دەبێت ئەو لەو ئاسکە دەچێت کە هەست بە بومەلەرزە دەکات, نوسەر لەو بونەوەرە دەچێت کە زوو هەست بە بومەلەرزەو لافاو دەکات مەبەست ەوە نییە ەوان خۆیان دەشارنەوە بەڵکو ئەوان خۆیان بە ژیان بەستۆتەوە, تۆ هەست ناکەی ەرگدۆستی زۆرە لە لای ئێمە جارێ لە پێش هەموو شتێکدا پەیوەندی ئێمە لە گەڵ عەرەب و توك وفاس پەیوندیەکی مەرگە, سنوری ئێمە بە مەرگ وخوێن چینراوە, ژیانی کۆمەلایەتی ئێمەیش زیاتر گۆرانی ووتنە بۆ مەرگ, من بانگەشم بۆ نائوێدی ترسە لە مەرگ, رەوینەوەیە لە مەرگ , نا ئومێدی من بۆ ئەوەنییە بچمە گۆر, کە دەلێم منداالەکان لە قوتابخانەکان غەمگینن قوتابخانە وەك زیندانە من نەمگوتوە زیندان باشە,ن حەزدەکەم منداڵەکان مەعریفەت بە خۆشنودیەوە وەرگرن, نەوەك بە غەمگینیەوە, تۆ ئاگات لێیە لە قوتابخانەکان لە نەوەی تۆ لە نەوەی من لە نەوەی پێش ئێمەیش مەعرفەت بە غەمگینەوە دەخرێتە ناخمان, ئێمەو مەعریفە هەموو کات دوردونگ و بێزارین, مامۆستاکان هەموو کات جۆرێك مەعریفەیان بە ئێمە بەخشیوە لە سەر کوشتنی ئیرۆسە لە سەر کوشتنی هێزی ئیرۆتیکیە, من ئەوەم زۆر بە چاکی لە چیرۆکی کەلە کوران و ئاسکە کچان باسکردووە, مرۆڤەکان تا دەبنەوە کەلە کێوی و ئاسك ئینجا دەتوانن زیندەگی بکەن, بۆیە من دژی مەعریفەتێکم لە سەر کوشتنی جوانی ئینسان بێت, لەقوتابخانەکانی ئێمە مەعریفەیەك دەفرۆشرێت لە سەر کوشتنی جوانی ئێمە, ئێمە کە چەند کەسێکین لەم ژوورە دانیشتوین دوجار هەموومان قوتابیە غەمگینەکانو مامۆستا غەمگینەکان وپزیشکە غەمگینەکانین, تا ئێستا وایە بەلآم هەمیشە وانابێت,قسەکردن لە نائوێدی بۆیە هاوارێکە بۆ ئومێد,بەلآم ناتوانم وەك قوتابخانەی ریالیزمی سوسیالیزم بم کە دەیانگوتئەگە کرێکارێکی سەرکوتوو ئەمرۆش نەبێت بەیانی دەبێت, بۆیە من ناتوانم چیرۆکەکانی خۆم پر بکەم لە پاڵەوانی درۆزن**